**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ١٠٣٧٠ لە ٢٠٢٢/٧/١٩**

پشتبەست بە حوکمی بڕگەی (٣) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و ئاماژە بە هەردوو بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٠) لە کۆبوونەوەی ژمارە (٦٩) لە ٢٠٢١/١١/٣ و ژمارە (١٣٠) لە کۆبوونەوەی ژمارە (٧٣) لە ٢٠٢٢/١/١٢، ئەنجومەنی وەزیران ئەم پەیڕەوەی خوارەوەی دەرکرد:

## پەیڕەوی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٢
## پەیڕەوی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**ماددەی (١):**
ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیڕەوە:
**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق.
**دووەم: ئەنجومەنی وەزیران:** ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.
**سێیەم: ئەنجومەن:** ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان لە هەرێم.
**چوارەم: ئەمینداری گشتی:** ئەمینداری گشتی ئەنجومەن.

**ماددەی (٢):**
**یەکەم:** ئەنجومەنێک دادەمەزرێت لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە ناوی **(ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان)** بەم شێوەیەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| ١- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران | سەرۆکی ئەنجومەن |
| ٢- جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران | جێگری سەرۆکی ئەنجومەن |
| ٣- وەزیری ناوخۆ | ئەندام |
| ٤- وەزیری پلاندانان | ئەندام |
| ٥- وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | ئەندام |
| ٦- وەزیری پەروەردە | ئەندام |
| ٧- وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | ئەندام |
| ٨- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی | ئەندام |
| ٩- وەزیری تەندروستی | ئەندام |
| ١٠- وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان | ئەندام |
| ١١- ئەمینداری گشتی ئەنجومەن | ئەندام |

**دووەم:** ئەنجومەن دەسەڵاتی گۆڕانکاری لە ئەندامانی ئەنجومەنەکە هەیە بە زیادکردن و کەمکردن بەپێی پێداویستی و ئەرک و دەسەڵات و چالاکییەکانی ئەنجومەن، و بۆی هەیە بانگهێشتی هەر کەسێکی دیکە بکات لە شارەزایان و پسپۆڕان بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بە بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

**سێیەم:** ئەنجومەن سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دەبێت و بارەگای سەرەکی لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێت و بۆی هەیە نووسینگە لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم بکاتەوە بەپێی پێویستی.

**ماددەی (٣):**

**ئامانجەکانی ئەنجومەن بریتیین لەمانەی خوارەوە:**

**یەکەم:** بایەخدان بە پرسەکانی خانمان و دابینکردنی مافەکانیان لەژێر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان و ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بەو بوارە.

**دووەم:** گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی و مەدەنی دیموکراسییانە بۆ ڕێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی خانمان.

**سێیەم:** بەشداریپێکردنی خانمان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و وەرگرتنی بەرپرسیارێتی لە سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی هەرێم.

**چوارەم:** گەشەپێدان و پێشخستنی خانمان و سوودوەرگرتن لە تواناکانیان لە بوارە جیاجیاکانی ژیان .

**پێنجەم:** هەوڵدان بۆ دروستکردنی هاوسەنگی بۆ خانمان (یەکسانی جێندەری) لە پۆستە باڵاکانی هەرێم لەسەر بنەماکانی لێهاتوویی.

**ماددەی (٤):**

**ئەرکەکانی ئەنجومەن بریتیین لەمانەی خوارەوە:**

**یەکەم:** ئەنجومەن کاری چاودێری، تواناسازی و ڕاوێژکاری دەکات بۆ بەهێزکردنی وەڵامدانەوەی دامەزراوەکانی حکومەت لەپێناو پێشخستنی پرسی یەکسانی جێندەری لە کۆمەڵگای کوردستان.

**دووەم:** دەستنیشانکردنی ئەو ئاریشە و لەمپەرانەی کە ڕووبەڕووی خانمان دەبنەوە، لە ڕێگەی کۆکردنەوەی بەڵگە و داتای پێویست.

**سێیەم:** هەماهەنگی و کارکردن لەگەڵ دامەزراوەکانی هەرێم بۆ گەشەپێدانی توانای خانمان لەسەر ئاستی هەرێم.

**چوارەم:** کارکردن بۆ دامەزراندنی سندوقی گەشەپێدانی خانمان بە هاوکاری لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە.

**پێنجەم:** پێشنیارکردن و داڕشتنی سیاسەتی حکومەتی هەرێم سەبارەت بە پرسەکانی تایبەت بە خانمان لەژێر ڕۆشنایی دۆکیومێنت و بەڵگەدارکردنی وەڵامدانەوەکانی حکومەت.

**شەشەم:** بەدواداچوونی کارەکانی دامەزراوەکانی حکومەت سەبارەت بە پرسەکانی خانمان و دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکان و خستنەڕوو و پێشنیازکردنی چارەسەری گونجاو بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

**حەوتەم:** پێشنیارکردنی پرۆژەیاسا و پەیڕەوی تایبەت بە ڕێکخستن و پێشخستنی کاروبار و پرسەکانی خانمان و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

**هەشتەم:** پێشنیارکردن و دانانی ڕێوشوێنی پێویست بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی و مسۆگەرکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ خانمان لە گشت بوارەکاندا، بەتایبەت لە بواری تەندروستی و پەروەردە و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییدا بە ڕەچاوکردنی پاراستنی گشت ماف و ئازادییەکانیان.

**نۆیەم:** پێشنیارکردنی میکانیزم و ڕێوشوێنی پێویست بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی و جیاکاری دژ بە خانمان و بەهێزکردنی سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتی و یاساییان.

**دەیەم:** کارکردن لەپێناو جێبەجێکردنی هەموو ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی پەیوەست بە مافی خانمان کە لەلایەن دەوڵەتی عێراقی فیدراڵەوە پەسەند دەکرێن. هەروەها کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ماف و ئازادییانەی خانمان کە لە دەستور و یاسا و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا ئاماژەیان پێدراوە.

**یازدەم:** هەماهەنگی و کارکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە خۆجێی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گواستنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون و زانیاری لەپێناو پێشخستن و بەهێزکردنی توانای وەڵامدانەوەی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم.

**دوازدەم:** بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی تایبەت بە پرس و ماف و ئازادییەکانی خانمان و بایەخدان پێیان لە ڕێگای سازدانی کۆنگرە و کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار و ئەنجامدانی توێژینەوە و ڕاپرسی یان هەر میتۆدێکی دیکەی زانستی.

**سێزدەم:** بەشداریکردن لەو لیژنە و دەستە و کۆبوونەوانەدا کە حکومەتی هەرێم سەبارەت بە پرسی خانمان و دەستەبەرکردنی یەکسانی جێندەری پێکیدەهێنێت.

**ماددەی (٥):**

ئەنجومەن ئەمیندارێکی گشتی دەبێت بە پلەی تایبەت و بە مەرسومێکی هەرێمی لەسەر پێشنیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێت، و پێویستە بە لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت، و دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیار و فەرمانی پەیوەست بە ئەنجومەنی هەیە، و بەرپرسە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران، و ئەمانەی خوارەوە بە ئەمینداری گشتی دەبەسترێنەوە:

**یەکەم: نووسینگەی ئەمینداری گشتی:** ئەم نووسینگەیە لەلایەن فەرمانبەرێک بەڕێوەدەبرێت بە پلەی (بەڕێوەبەر) کە لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت. ئەرکی بەڕێوەبەری نووسینگە ڕێکخستنی کاروبارەکانی نووسینگەی ئەمینداری گشتی و هەماهەنگیکردنە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی ئەنجومەن.

**دووەم: بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن:** فەرمانبەرێک بەڕێوەی دەبات بە پلەی (بەڕێوەبەر) کە لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لەبواری پەیوەندییەکان یان ڕاگەیاندن. ئەرکی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئامادەکردنی هەواڵ و چالاکییەکانی ئەنجومەن و ڕاپۆرتی میدیایی و بڵاوکردنەوەیانە لەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.

**سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی پرۆگرامەکان:** فەرمانبەرێک بە پلەی (بەڕێوەبەر) بەڕێوەی دەبات کە لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و لەژێر سەرپەرشتی ئەمینداری گشتییدا ئەرک و کارەکانی جێبەجێ دەکات.

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدان:** فەرمانبەرێک بە پلەی (بەڕێوەبەر) بەڕێوەی دەبات کە لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت. ئەرکی سەرەکی ڕێکخستن و ئیدارەدانی پرسەکانی پەیوەست بە گەشەپێدانی یەکسانی ڕەگەزی دەبێت، و لەژێر چاودێری ئەمینداری گشتی و بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پرۆگرامەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیکەی ئەنجومەن.

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و توێژینەوە:** فەرمانبەرێک بە پلەی (بەڕێوەبەر) بەڕێوەی دەبات کە لانیکەم دەبێت هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت. کاری ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بریتییە لە سەرپەرشتیکردن و ڕێنوێنیکردن و چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی کە لە چوارچێوەی پلانەکانی ئەنجومەن و بە هاوکاری لەگەڵ لایەنە حکومی و ناحکومییەکان و زانکۆکان بە مەبەستی داڕشتنی سیاسەت و بەهێزکردنی پرۆگرامەکانی وەڵامدانەوە ئەنجام دەدرێت.

**شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و دارایی:** فەرمانبەرێک بە پلەی (بەڕێوەبەر) بەڕێوەی دەبات کە لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت. کاری ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بریتییە لە ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی ئەنجومەن کە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییە جیاجیاکانی ئەنجومەن بەڕێوەدەچێت.

**ماددەی (٦):**

ئەنجومەن (٢) دوو ڕاوێژکاری دەبێت کە شارەزاییان هەبێت لەبواری ئەرک و تایبەتمەندییەکانی ئەنجومەن و لەسەر پێشنیاری ئەمینداری گشتی دادەمەزرێن، و پێویستە لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بن و خزمەتیان لەبواری پسپۆڕییەکەیان لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** ئەنجومەن ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری دەبێت بە سەرۆکایەتی ئەمینداری گشتی و ئەندامێتی ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەرانی ئەنجومەن.

**دووەم:** ئەمینداری گشتی دەتوانێت بانگهێشتی هەر فەرمانبەر یان هەر کەسێکی دیکە بکات کە پەیوەندیدار بێت بە بابەتی کۆبوونەوەکە.

**سێیەم:** ئەنجومەنی ڕاوێژکاری لانیکەم مانگی یەک جار کۆدەبێتەوە بۆ تاوتوێکردن و ڕاگۆڕینەوە سەبارەت بە پرس و بڕیارە گرنگەکانی تایبەت بە ناوخۆی ئەنجومەن و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی.

**ماددەی (٨):**

ئەنجومەن بۆ ڕێکخستن و ئەنجامدانی کار و چالاکییەکانی بۆی هەیە پەیڕەوی ناوخۆ دەربکات.

**ماددەی (٩):**

پەیڕەوی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (١٠):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (١١):**

ئەم پەیڕەوە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆکارەکانی دەرچوواندنی ئەم پەیڕەوە**

لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی و بە ئامانجی ڕێکخستنەوە و بەدامەزراوەییکردنی کاروباری ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان و بەرەچاوکردنی ڕەوشی یەکسانی ڕەگەزی و پێگەی خانمان و پێوستی بە گەشەپێدانی زیاتری کۆمەڵگەی کوردستان لە بوارە جیاوازەکانی پەیوەست بە پرسی یەکسانی، ئەم پەیڕەوە دەرچووێندرا.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**